ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

**Port Forwarding لە Router دا چیە؟**

نووسەر:                @:

Port Forwarding لە Router دا چیە؟

Port Forwarding شێوازە کارێکە بۆ ڕێکخستنی Router بۆ ڕێگەپێدان بەو پرۆگرامانەی کە دەیانەوێ ئینتەرنێت بەکار ببەن لە کارکردنیان دا، بۆ نموونە پرۆگرامەکانی P2P کە لە بنچینەدا لەسەر ناردن/ داگرتنی پەڕگەدا دروست بوون.

Router چیە؟ بە کورتی Router ئامێرێکە کە دەتوانێ ئینتەرنێتی خێرا کە بە Broadband ناسراوە، دابەش بکات بەسەر چەند کۆمپیوتەرێك دا.

Router هەروەها دیوارێکی ئاگری لەخۆ گرتووە کە دەتوانێ بەشێوەیەکی چاك کۆنترۆڵی Traffic ـی ئینتەرنێت بکات.

یەکێك لەو کێشانەی کە بەکارهێنەرانی Router تووشی دەبن ئەوەیە کە زۆربەی پرۆگرامەکانی ئینتەرنێت یان سێرڤەر لەپشت Router ـەوە بە دروستی کارناکەن. هۆکەشی ئەوەیە کە دیوارەئاگری نێو Router ـەکە ڕێ بەو پرۆگرامانە نادات پەیوەندی بکەن بە ئینتەرنێتەوە. لەم بابەتەدا هەوڵ ئەدەم گەر بە کورتیش بێت تیشك بخەمە سەر چۆنیەتی ڕێکخستنی بەشی Port Forwarding لە Router ێك دا.

لە پێشدا دەبێ بزانی ئەو پرۆگرامەی کە پەیوەندی دەکەن بە ئینتەرنێتەوە و چ پۆرتێك بە کار دەبەن. من پرۆگرا می Torrentstorm وەك نموونەیەك دەهێنمەوە، کە پۆرتەکانی نێوان 6881 و 6999 بەکار دەبات. پێویست دەکات ئەو پۆرتانە بکرێنەوە لە نێو ئاگرەدیواری Router دا بۆ ئەوەی Torrentstorm بە تەواوی کاربکات.

گەر پرۆگرامێکت هەیە و نازانی چ پۆرتێك بەکار دەبات دەتوانی سەردانی ئەم وێبگەیە بکەیت کە تایبەتە بەو بوارە و زۆر سوودمەندە.

http://www.portforward.com

پاش ئەوەی کە پۆرتەکانت دۆزیەوە، بڕۆ بەشی ڕێکخستنی Router ـەکەت.

من لەسەر Router ـی DI-514 کە بەرهەمێکی کۆمپانیای Dlink دەنووسم.

پاش چوونە ژوورەوە بۆ بەشی ڕێکخستن لە Router ـەکەدا، کە لەژێر ناوی Advanced ـە.




1> Enabled هەڵبژێرە، واتە ئەو فەرمانەی کە ئێستا ڕێکی دەخەی چالاک بێت.
2> ناوی فەرمانەکە بنووسە گرنگ نیە چی بێت، دەتوانی ناوی پرۆگرامەکە بنووسی.
3> ژمارەی ئایپی ئەو کۆمپیوتەرە بنووسە کە پرۆگرامەکەی لەسەر دامەزراوە، واتە Local IP بنووسە.
4> پرۆتۆکۆلی TCP هەڵبژێرە.
5> لە نێو ئەو دوو خانەیەدا ژمارەی پۆرتەکان بنووسە.
6> ئەو فەرمانەی کە ڕێکی دەخەی بۆ هەمیشەیی چالاک بێت یان بۆ کاتێکی دیاریکراو، دەتوانی Always هەڵبژێری بۆ هەمیشەیی.
لە کۆتاییدا Apply کرتە بکە بۆ تۆمارکردنی گۆڕانکاریەکان.
بۆ دڵنیا بوون لەوەی گە گۆڕانکاریەکان جێگیر بوون، دەتوانی چاوێك لە بەشی Firewall بکەیت.




دەبینی کە لەژێر بەشی Action دا نووسراوە Allow واتە پرۆگرامەکە ڕێگەی پێدراوە.
بەو شێوەیە دەتوانی پرۆگرامەکانت لە پشت Router ـەوە کار پێبکەیت.
گەر جۆرە Router ێکی دیکەت هەیە، دەتوانی سەردانی ئەم بەستەرە بکەیت و یارمەتیت دەست کەوێت سەبارەت بەو جۆرەی کە دەتەوێ.

http://www.portforward.com

کۆتایی.

Oct 2005 31

Gulf Hurricane Relief
Help Support Health Clinics Providing Critical Aid to Evacuees.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت